# عومەر خاوەرەكەی سەردەشت




**عەلی مەحموود محەممەد**

داخوا دەڤەری سەردەشت چەند چیرۆكی كپكراوی وەك چیرۆكی بەسەرهاتی قادری مەولان پووری تەمەن٦٣ ساڵەی تیَدا بیَت,كە ئازارەكانی خۆی تا ئیَستا لە هەناودا بە كپكراوی لە كۆڵ نابیَت , چاوەڕوانی دەرفەتیَك,چركە ساتیَك ,رِۆژگاریَك بكات بە دڵی خۆی هەڵیانریَژیَت و هەگبەی دڵی بە توانای خۆی بكاتەوە؟, ئازار و دەردی قوربانیانی شاری سەردەشت بە بارستایی چیا سەركەش و سەربەرزەكانی گیارِەنگ و زەنزیران باڵا بەرزە و وەكو ئەوانیش سەری بەرزە .

ئەم چیرۆكەی لیَرەدا بۆتان دەگیَرِمەوە, چیرۆكی ناو ئەفسانەكانی بەر ئاگردانەكان و سیناریۆی ناو فلیمە خەیاڵییەكان و فەنتازیای ناو رِۆمانەكان نییە , بەڵكە بەسەرهاتی كوردیَكی لادیَی نەخویَندەوارە كە ناتوانیَت سەرجەم ئازار و لایەنە پرِ لە ترایژیدیاكانی تاوانەكە وەك خۆی بە خەڵك رِابگەیەنیَت, خیَزانەكەی دەبیَت بە قوربانی چەكی مۆدیَرنە و تراژیدیای چیرۆكی مەرگەساتەكەشی كەسیَك نییە بۆ نەوەكانی داهاتووی بگیَرِیَتەوە, نەخوازەلا بنووسریَتەوە,ئەگەر ئەو دادگایە نەبوایە (( دادگای بازرگانی چەكی كیمیاوی هۆڵەندی فرانس ڤان ئانرات )) لەگەڵ خۆیدا مەرگەساتەكانی دەبردە گۆرِەوە ,كەسیَك گوێبیستی ئاهو ناڵەی ئەم پیاوە خاكییە بە ویقارە سەربەرزە نابوو .

پیاویَكی بەخۆ بە بەرگی كوردی و كڵاو جامانەی سەرەوە, دەگاتە شاری لاهای بۆ ئەوەی سكاڵای خۆی پیَشكەش بە دادگا بكات ,ئەو باریَك تاوانی لە ویژدانیا هەڵگرتووە هیَناوییەتی لە لاهای شاری دادپەروەری جیهانی لە بەردەم دادگا هەڵیریَژیَت ,رِاستگۆیی و دڵ پاكی كورەواریانەی لادێیانە لە سیمای دەباری, بەرائەتی دەموچاوی لە دورەوە هاواری دەكرد, ئەوەی لە یەك چركە ساتی بە دیدار

گەیشتنیدا پێی بگەیشتایە بۆی دەرەکەوت ئەم پیاوە لە ڕاستی زیاتری پێ نییەو لە ڕاستگۆیی زیاتر لە سیمای دەرناکەوێت , لەبەر دەم دادوەری گشتی و دادوەرکان دیکە و ستافی دادگای دۆسیەی فرانس ڤان ئانرات لە بەرواری ١-١٢-٢٠٠٥ ڕاوەستا, بە دوراییی مەترێك لە فرانس ڤان ئانراتی تاوانبار بازرگانی چەکی کیمیاوی, لەسەرکورسییەك دانیشت .

کاتێك دادوەری گشتی لێی پرسی: بە کوردی قسە دەکەیت .

لە وەڵامداوتی : لە کوردی زیاتر چی دی نازانم گەورەم , تەنها کوردی دەزانم.

دادوەری گشتی : کارت هەیە.

وەلاَم : کارگەری ڕۆژانە دەکەم .

ڕاوەستایە سەر پێ و دوو پەنجەی ڕوو لە ئاسمان بەرز کردەوە, بە دوای دادوەردا وتی: خودا یارمەتیم بدات لە حەقیقەت زیاتر ناڵێم .

ئاخۆ وەك من لە نزیکیەوە بونایە ,ئاوا بتان بینایە لە چرکە ساتەکانی یەکەم نیگاوە دەتان زانی ئەم پیاوە سەردەشتییە لەوانەیە هەرگیزاو هەرگیز درۆ نازانێت ,ئەمە لەو مرۆڤە پەپولەییانەیە ئاورێشم ئاسا نەرم و نیان و بێگەردە ,لە گەڵ دوژمنەکەشی بە ڕاستی دێتە گۆ, فرت و فێڵ لە گەڵ جەلادەکانیشی نازانێت .

ئەو ڕۆژە ساماڵەی ئاسمانی ڕەشە هەرمێ و سەردەشت لەبەر تیشکی بەهێزی خۆرەتاو سەیرکردنی ئاوی چاوی دادەهێنا, چاوە تیژەکانیش نایانتوانی ڕوو لە ئاسمان پێلو بجوڵێنن و خۆیان بەرز بکەنەوە ,نیگا بخەنە سەر ڕوپەڕی ئاسمانی شینی بێگەرد,شار و دەوروبەر بە بێدەنگی ڕۆژە ڕەشەکانی شەڕیان بەڕێ دەکرد ,کاك قادر بەهۆی باری گرانی خێزانەکەیەوە کە یەك مانگ بوو لە پێشمەرگایەتی گەڕابوەوە بۆناو ماڵ و منداڵەکەی ,خەونەکانی خەباتی چەکداری لە خەیاڵی خۆیدا زیندە بەچاڵ کرد , تەنها بۆ ئەوەی بتوانێت سەربەرزانە منداڵەکانی بژێنێت, هەر لەو مانگەدا برایەکی کە پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات بوو لە چیای قۆچی پشت گوندی مارۆغان شەهید ببوو , بە ناچاری و لە ژێر باری گرانی ڕۆژگاردا ,درێژەی بە ڕێبازی براکەی نەدا ,خۆی تەحویل دەداتەوە بە ڕژێم , بۆ ئەوەی هاوسەرەکەی و ٣ منداڵەکەی سەربەرزانە بەخێو بکات , بۆ ئەوەی لە سۆزی باوك بێبەری نەبن .

دەوروبەری کاتژمێر ٤ ی پاش نیوەڕۆ , لە بەرواری ڕۆژە ڕەشەکەی ٢٨-٦-١٩٨٧ دا و کاتژمێر نزیك ٤:٣٠ سەر لە ئێوارە , لە وەرزی پڕ بەرەکەتی درەو و دورینەوەی گیاو گوڵە, ٤ فڕۆکەی عێراقی لە ئاسمانی سەردەشت وەك وێشومەی سەرە خۆرە دەردەکەون , دەنگێك نزم لە گوندی ڕەشە هەرمێوە دێت , ئەو گوندە ٢٢ ماڵیەی دەکەوتە پەنا دەست و بن هەنگڵی شارەوە ,کە تەنها ١ کم بەلای ڕۆژئاواوە لە سەردەشتەوە دوورە , مام قادریش داوا زرمەکە لە کارەکەی هەر بەردەوام

دەبێت ,وەك ئەوەی مێش میوانی نەبێت ,ئاخر ئەو كورِی ناو كوراِنی گیا رِەنگ و مەلا ئاوارە بوو ,بە دەنگی وا راِ ناچەڵەكی .
لەو كاتەی خێزان و منداڵەكانی لە دەم چەم و لە بن دارگوێزێك خەریكی شیو لێ نان دەبن , بۆ ئەوەی ئێوارێ هەموو پێكەوە لە گەڵ مام قادرا لە دەوری سفرەیەك دابنیشن و بیخۆن , ئەویش لە گوندی مەرەغان كاری خۆی دەكات , فرِۆكە مەرگ هێنەرەكان بە بەرچاویەوە رِقی فاشستانەی خۆیان بەسەر رِەشە هەرمێ و شاری سەردەشتدا دادەبارێنن ,دەست لە هیچ ناپارێزن , ئەو تاوانەی تا ئەو چركەساتە هیچ چاوێك نەیبینیوە دەخولقێنن , تاوانێك مەگەر تەنها زارەكانی مام قادر بتوانێت مافی گێراِنەوەی هەبێت بە هەقی خۆی بزانێت , ئەو زرمەیەی دەرگای بۆ هەڵەبجە كردە سەر پشت .
قادر لەو چركەیە قەت دڵی بۆ ئەوە نەچوو بوو ئەو زرمەیە هێواشە كۆتایی هێنابێت بە هەموو خۆشی و ئاوات و ئامانجێكی , ژیانی خۆشەویستانی لێسەندبێتەوە,ببێتە هۆی گۆرِینی سەرتاپای ژیانی , ئەو لەحزەیە دوا چركەی خۆشی ئەو بوو بێت لە هەموو ژیانی, رِۆژەكانی دیكە هەموو بە ئاواتی گەراِنەوەی چەرخی رِۆژگار بۆ پێش ئەو چركە ساتە بێت, رِۆژانە ئەم خەونە دەبینێت و دەبینێت و تا ئێستا ئەوە ٢٣ ساڵە بەردەوام دەیبینێتەوە .
لە گەڵ دەنگەكە ناخۆشییەكانی ئەویش باڵا دەكەن ,منداڵەكانی بەر كیمیابارانی فرِۆكەكانی بەعس دەكەون , هیچیان رِزگاریان نابێت ,بۆ نەگبەتی رِۆژگار و مانەوەو تلانەوە بە دەم ئازارەوە تەنها خۆی دەردەچێت, ئەو لە كاركردنەكەی خۆی بەردەوام دەبێت لە ناكاو بەسواری وڵاخ منداڵەكانی بۆ دەهێنن بۆ گوندی مەراغان , لێرەوە چیرۆكی نەهامەتی كاروانی ئازارەكانی دەست پێدەكات و شۆرِ دەبێتەوە بۆ ناو سەرتاپای مێژووی مانی ,لێرەوە ئیتر داستانی ئازار و جەهەنەم دەرگای دەخرێتە سەر پشت , عومەر خاوەر ئاسا پەلاماریانی دا بۆ ئەوەی لە مەرگ بیان شارێتەوە , وەلێ ئەمان نە یەك نە دوو نە سێ چووار بوون ,چركە ساتی شاردنەوەشیان لە وێشومەی مەرگ تێپەرِیبوو ,فریای ئەو چركە ساتەش نەكەوت , پرِ بە گەروی بۆنیانی دەكرد ,بۆنێك ئەوەندە درێژ بە ئەندازەی رِێگای خۆشەویستی دوو دڵی باوك و نەوەیەك لە گیانەلای مردندا, رِێگایەك ئەوەندە تەلیسماوییە هیوادارم كەس نەكەوێتە ژێر كاریگەرییەوە , ئەمی هەڵدەگرت ئەوی دی دا دەنایەوە ,ئەمی بۆندەكرد ,ژەهری ئەوی دی قوتدەدا, یەك بە یەك دەیانی نا بە هەناسەیەوە, كە ژەهری هەناویانی هەڵدەمژی خۆشییەكی شەماڵانە تەسكێنی بە دڵ و دەروونی دەدا , بە پەلە پەل و خێرا ,دەترسا لە لەحزەی گۆرِینیان یەكیان ماڵئاوایی لێ بكات و فریای مژینی هەناسەی ژەهراوی نەبێت , بۆ دایكان و باوكان بۆنی زاروك ئەگەر ژەهراویش بێت لە هەموو بۆنێك خۆشترە , عومەر خاوەر فریای ئەو لەحزەیە نەكەوت بۆنی كورِە تاقانە و ٨ كچەكەی بكات و رِزگاری بوو , بەڵام مام قادر وا لەناو ئەو لەحزەیەدا ژیان بەسەرە بات , پرِ بە گەروی بۆنیانی دەكرد , هەناسە پرِ لە ژەهرەكەیانی پرِ بە گەروی هەڵدەمژی و قووتی دەدا , بۆن و تامێكی خۆشی دەدا بە جەستە پەككەوتە بێ ئاواتەكەی , دەیویست بۆنی ژەهری جەستەیان

هەر لەناو سینەیدا تێکەڵ بە هەناو و دڵی ببێت و دەرنەچێت ,دەیەویست بە ژەهرەکە بڵێت ئەوان نا من , لەم گفتوگۆ بێ ئەنجامەدا بوو لەگەڵ مەرگ و خۆی ,نایەزانی چۆن هەناسەیان هەڵمژێت بۆ ئەوەی بۆنەکەی لە لوتی و خۆشییەکەی لە جەستەیدا تاکو دوا چرکەی ژیان بمێنێت ,تاکو ئێستاش بە عەزرەتی ئەو گازە ژەهراویەوەیە ,خۆشترین چرکە لەو ساتەدا ئەوە بوو مەرگی خۆی پێش منداڵەکانی ببینایە ,ئەمە پاڕانەوەی هەموو دایك و باوکێکە ,مام قادر بۆ مەرگیش ئاواتی نەهاتە دی .

ئاخر ئەو سەربەرزانەترین و بەختەوەرترین کاری خۆی , کە پێشمەرگایەتی بوو واز لێ هێنا, تەنها بۆ ئەوەی نان بۆ منداڵەکانی پەیدا بکات ( ناسر و ماڵ ماڵ ی تەمەن ٨ ساڵانەی جمکانە, شاهێنی کچە گەورەی ٩ ساڵانە, ژنەکەشی زگی پڕ بوو لەسەر مانگ و ڕۆژی خۆی بوو), وەلێ حەزو و ئاواتەکانی لە ژیاندا ئەو ئێوارانەیە هەموو چوون بە ئاسمانا .

دوای یەك مانگ لە گەڕانەوەی , وا ئێستا وا بە کۆمەڵ بە بریندارى لە باوەشیدان, هەموو بوونە بە جەستەیەکی هەنجن هەنجن کراو, تەنها بە هەناسە ماون بە جەستە هەموو گۆڕاون و لە دوا کات و چرکەی ژوانەکانی ماڵئاوایدان لە ژیان .کە دەگەنە لای بەمشێوەیە کە دەیانبینێت وەك بۆی گێڕاینەوە و وتی : تووشی (( سەرەگێژە , ڕشانەوە , بەلادا دەهاتن )) ببوون .

ئاگری جەرگ باڵی پێ دەگرێت, بە پەلە دەیان بات بۆ شاری سەردەشت, لەوێوە دەیانگەیەنێتە شاری بانە و دواتر بە سەفەری مەرگدا درێژە بە گەشتەکەی دەدا .

لە بانە داوای لێ دەکەن لە گەرماو بیان شوات, ئەویش بێ پارێز و گوێگرتن لە ڕێنوێنی بە دەستی خۆی دەیان شوات, بەهۆی منداڵەکانییەوە نەخۆش دەکەوێت , چاوی دەکەوێتە ئێشان و گیانیش دەکەوێتە خوران , لێ جەرگ حەژمانی لێ بڕیبوو گوێی نەدا پێی , بە ناچاری بە دوای سەفەری چاکبونەوەی منداڵەکانی درێژە بەگەشتی مان و نەمانی ژیان دەدات بۆ شاری تەبرێز , لەبەر ئەوەی شارێکی کوردی نییە لەو کوردستانە , کە شوێنی مرۆڤ چاککردنەوەی تێدا بێت ,بۆیە مام قادری زمان نەزان بە ناچاری هانا بۆ شاری تەبڕێز و دواتریش شاری تاران دەبات .

ناسر لە تەبرێز ماڵ ئاوایی دەکات و ژیان کچیشی ئەنفال دەکرێت و لێی دەشارنەوە

تا دەگەنە شاری تەبرێز , بەردەوام پێستی جەستەیان ئاوی مەرگی لێ دەچۆڕایەوە, هەموو ببوو بە بڵقی گەورە گەورە و ڕەنگی خۆیان لە دەست دابوو, لەبەر ئێشی جەستەو چاویان هاوارو ناڵە ناڵیان بوو ,ئەویش بە دیاریانەوە مات و مەلول و جەرگ دەقرچایەوە و هەناو بوو بوو بە ئاگر ,نایە زانی چی بکات هانا بۆ کوێ ببات ,تەنها ئەوەندە دەیووت: ئێش و ئازارتان بۆ من بێت ,قەزاتان لە باوکتان کەوێت .

له تەوریز پزیشکەکان دڵیان سار دەکەنەوەو دەڵێن : چارەسەریان لێرە نییە!, ئەمە چ ئومێدێکە, چ ڕۆژە ڕەش و چاوەنوارییەکە لە ژیان, چ دەرگا داخستنێکە لە ئاوات ,پێش مەرگی خۆشەویستەکانت ,ئاوات و هیواکانت , هەواڵەکەیت بدەنێ .
مام قادر بۆ خۆشی تلۆقی سەر دەستەکانی هەر لە بانەوە دەستی کرد بە گەورە بونەوە ,لێ گوێی پێ نادا ,ئەوەی بەلای ئەوەوە گرنگ بوو تەنها مانی منداڵەکانی بوو ,خۆی دەکرد بە قوربانی هەناسەیەکیان .
لێرەوە تراژیدیا دەست پێدەکات, ژنەکەی لە تەوریز ژان دەیگرێت, نازانێت بۆ ئێشی جەستەی هاوار بکات یان ژانی منداڵەکەی, دەڵێن ژانی ژن دیاری خوایە بۆ ژنان , ئەدی دوو ژانی ئەم ژنە دیاری کێیە ؟سەدام و خوا پێکەوە؟, پاش ئێش و ئازارێکی زۆر منداڵەکەی سکی لە دایك دەبێت .
مام قادر ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەی دەکرد, بە ژنەکەی دەڵێت چیمان بوو ؟ .
ئەویش لە وەڵامیدا : کچێکمان بوو .
هەر لەوێ ناوی دەنێن ژیان !.
ژیان لە ڕۆژگاری مەرگدا چ ئاسۆیەکە ,تەنها پیاوە مەزنەکان لە ناخۆشییدا بێ ئومێد نابن و لە بەرامبەر ناشرینی مەرگ دەجەنگن .
پەرستیارەکان لەوێ پێیان دەڵێن : بڕۆن بۆ تاران, ١٠ ڕۆژی دیکە منداڵەکەتان بۆ دەنێرینەوە .
مام قادر بە قورگی پڕ ِ لە گریانەوە دەتووت دوێنی کارەساتەکە ڕویداوە, پاش ١٨ ساڵ و نیو لەو ڕۆژگارە وتی : ئەو منداڵەم بەجێ هێشت بۆیان بۆ ئەوەی ئەوانەی دیکەم ڕزگار بکەم , چوین بۆ فڕۆدگا بۆ ئەوەی بچین بۆ شاری تاران .
دادوەری گشتی وتەکانی پێ دەبڕێت و لێی دەپرسێت : قەت منداڵەکەت نە بینییەوە .
وەڵام : نا بەخوای نەمبینیەوە قەت بە ئێستاشەوە , هەر نەمبینی بە چاو , تەنها وتیان کچێکتان بووە , بە بێ بینین ناومان لێی نا, دوایی دووجاری دیکەش بە تایبەت چوومەوە بۆ شاری تەبریز بۆ ئەوەی بیدۆزمەوەو بیهێنمەوە, هەر نەمتوانی بیدۆزمەوە ,ئێستاشی لە گەڵدا بێت هەرگیزاو هەرگیز نەمبینییەوەو نەمدۆزییەوە ,چۆن ڕۆیشت ئاوا نەهاتەوە .
لەسەفەری مەرگدا لە فڕۆدگا ناسر داوای ئاوی کرد, پێش ئەوەی ئاوی بدەینی تا دەمی تەڕ بکات لەوێ تەواو بوو, لە دوا چرکەی ژیان ئاویشی دەست نەکەوت ,بە پەلە ناسرمان لە تەبریز لە ناو یەخچاڵ بە جێ هێشت و ڕۆیشتین بۆ ڕزگارکردنی ئەوانی دی , فریای شاردنەوەشی نەکەوتین .
لە کوردەواریدا دەڵێن مردووان ڕۆژیان تەواو دەبێت چاوەڕێ دەکەن تاکو منداڵێکی دی شوێنیان بگرنەوە ,ناسر کیژۆڵەیەك شوێنی گرتەوە ,ئەویش یەکسەر ئەنفالکرا ببڕای ببڕا نەبینرایەوە .

ماڵماڵ و شاهێن و دایکیان لە تاران هەموو مردن

مام قادر ئاوا درێژەی پێدا : کە گەیشتینە شاری تاران , بەمن بوایا فرۆکەکە لە بان نەخۆشخانەکە بنیشتایەتەوە بۆ ئەوەی فریای چارەسەرکردنیان بخەم , وەلێ ڕۆژی دواتر لە تاران ماڵماڵیش تەواو بوو, بەڵام ئەو بە ئاواتی چۆرە ئاوێك سەری نەنایەوە, هەر فریای داوا کردنیشی نەکەوت .

ئاگام لە خۆم نەمابوو , نامزانی هانا بۆ کوێ بەرم , تاکو سوراینەوە هەفتەی دی شەهێن و دایکیشی هەموو بە دوای یەکدا مردن ,نازانم چۆن نۆرەیان وا بە دوای یەکدا هات , فریای ئەوە ناکەوتم پڕ بە دڵ بۆ یەکیان بمرم ئەوی دی دەهاتە سەری , من لە چاوەڕوانی مەرگدا بووم لە گەڵیان نەك بە ئاواتی چاکبوونەوە , هەرسێ تەرمەکەم هەڵگرت و بێئومێد بێئومێد گەڕامەوە بۆ ڕەشە هەرمێ .

گەلۆ بیرتان بەلای ئەوەدا دەچێت ,مرۆڤ لە هەفتەیەکدا فریای ناولێنانی یەك منداڵ ناکەوێت نەك دووان ,داخوا مام قادر چەندە بیری کردبێتەوەتاکو ناوێك بۆ ئەو دووانەیە'' ناسر و ماڵماڵ''هەڵبژێرێت , چەندە دڵی بە ناسر و ماڵماڵ خۆش بووبێت , چ سوار چاك و قارەمانێکی بۆیان لە هەستی خۆی وێنا کردبێت ؟, ئێستا وێشومەی مەرگ بە سانایی هەموویانی بردەوە ,مام قادر ئێستا پیاوە تەنیاکەی ڕەشە هەرمێیە هەرچی سەرمایەی ژیانی هەیە هەمووی ڕۆیی و نەهاتەوە ,هەرگیزاو هەرگیز نەهاتەوە .

تەرمەکان دەهێنێتەوە ڕەشە هەرمێ

تەرمی ٢ منداڵ و خێزانەکەی لە تارانەوە دەهێنێتەوە بۆ سەردەشت ,تەرمەکەی ناسریش لەتەبرێزەوە بۆی ڕەوان دەکەنەوە بۆ سەردەشت , لێ کچە زیندووەکەی لێ زەوتەکەن و دەیشارنەوە,مردوی دەدەنەوە, زیندووش بۆ خۆیان دەبەن.

٤ تەرمەکە دەهێنێتەوە لە ڕەشە هەرمێ دەیان نێژێت, ئێستاش دوایی ٢٣ ساڵ لەو کارەساتە جەرگبڕە, هەموو هەفتەیەك مام قادر غەم و ئازارەکانی لەسەر گۆڕی ناسرو ماڵماڵ بە بادا دەدات , لە گریان زیاتر هیچی دی لە دەست نایات بۆ شەهێن, گریانیش بۆ ژیان ,دوعای بەهەشتیش بۆ خێزانەکەی .

ئەو پیاوە بە شەهامەتە ئازایە , دەیان جار لە مەرگەوە بە موو دور بووە , لەبەردەم دادوەر دەستی کردە گریان , هەموو ئامادەبوانیش لە گەڵیدا بە دادوەریشەوە دایان لە قولپەی گریان, ئاخر ئەم ناسر و ماڵماڵەی مام قادر ئەفسانەی هەڵبەستراو نییە, چیرۆکی ناو حەیران و ئەفسانەکانی بەر ئاگردان نییە, منداڵەکەی عومەر خاوەریش نییە تەنها وێنەکەی بەجێ مابێت , ئەمە عومەر خاوەرە برسییە زیندووەکەی ئەورۆیە ئێستا مات و مەلول و بێکەس لە قوژبنێکی ئەو کوردستان هەژارانە ژیان

بەسەرە بات, ئەمە چیرۆکی ڕیالیستی دیرۆکی نوێی کوردییە, کێ هەیە چیرۆکە ڕاستییەکانی ئەم گەلە ستەمدیدە بیکەسە ببیستێت نەگریێت .
لەو گوندە ٢٢ ماڵییە بچوکەی ڕەشە هەرمێ , کە لەسەر هیچ نەخشەیەکی ئەم جیهانە دیار نییە, ئەو دوا نیوەڕۆیە , بە چەکی ڕۆژئاواو بە دەڵاڵی ئەنرات ئاساکان کە لە دووری یەك مەترییەوە گوێی قوڵاخ کردبوو بۆ ئەم چیرۆکە تراژیدیایەی مام قادر , جگە لە ٣ منداڵ و خێزانەکەی ئەو , ٣ قوربانی دیکەش هەبوو لە هەمان گونددا بوونە قوربانی,کە ئەمانەن :
-مەولەد زینێ .
-قادر زینێ .
-مەلا حوسەین .

مام قادر چییەتی و چۆن دەژێت

ئەم پیاوە سیما کوردی چاو شینە ددان شاش و واشە سەرو جامانە لەسەرە تێکسمراوە بەهێزە, لە شاری لاهای ناوەندی دادپەروەری جیهانی سیمای کوردییانەی خۆی نەگۆڕی , یەکەم کورد بوو لە مێژوودا لەم شارە , بە بەرگی کوردییەوە شایەدی لە سەر تاوانبارێك بدات و سکاڵای لێبکات .
ئێستا مام قادر دوای هاوسەرگیری دووەمی ٦ منداڵی هەیە , هەرچەندە تا هەنووکە تەنگە نەفەسەو گیانی دەخورێت ( بە وتەی خۆی خورشتی هەیە) , دەستی بە تەواوی کاری پێ ناکرێت , لێ بۆ پەیدا کردنی نانی خانەوادەکەی , دەبێت ڕۆژانە هێزی کاری لە بازاردا بە هەرزانترین نرخ بفرۆشێت ,سەر هەموو هەفتەیەکیش چەند ساتێك تەرخان بکات بۆ گریان بۆ ڕومەتی ئاڵ و واڵی ناسر وماڵماڵ و شاهێن و خێزانەکەی , ئەوەشی ئاشقی چیرۆکی ناسر و ماڵماڵە با گوێ لەو بگرێت , بزانێت چۆن ڕوحی منداڵەکانی دەکات بە بەردا ,چۆن قایمترین جەستە خۆی لەبەردەم ئاوازی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی ناگرێت .
وتی : کار نەکەم نان نییە ماڵ و منداڵەکەم بیخۆن , مەجبورم هەموو ڕۆژ بچم بۆ سەر کار.
ئەو شوێنەی کە منداڵەکانی تێیدا بەر گازی کیمیاوی کەوتن , هیچکە نە سەوزایی لێ ڕوایەوە , نە قەبوڵی ژیانیش دەکات , دار گوێزەکەش کە ڕۆژانە هەموو ژوانیان لەگەڵدا هەبوو , لەتاو مەرگی هاوڕێکانی ناسرو ماڵماڵەکەی قادر ڕەشی پۆشیووە و بڕیاری ئازییەتباری هەتا هەتایی داوە.
کاتێك لەبەردەم دادگا لەناو پەرتووکی قوربانیانی سەردەشت وێنەی منداڵێکیان پیێ نیشاندا .
دای لە پرمەی گریان و وتی : ئەمە شاهێنە چی دەکات لێرە ؟.
دادوەری گشتی ڕوی لە ئامادە بووان کرد و وتی : کەس پرسیاری هەیە؟.
کەس پرسیاری نەبوو ئاخر چ شەیتانێك دەتوانێت گومان لەوە بکات ئەم چیرۆکە ڕاست نییە .

دادوەر لە کۆتاییدا وتی : چی داواکارییەکت هەیە ؟.
قادر : داواکارم لە دادگا تاوانبار بە سزای خۆی بگات .
دادوەری گشتی : ئێمەش ئەم داواکارییەمان هەیە .

**چیبکرێت**

چیرۆکی بەسەرهاتی مام قادر و قوربانیانی دی شاری سەردەشت کەرەستەیەکی باشن بۆ بەکارهێنانی لە بواری سینەما بۆ ناساندنی تاوانی کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت و درِندەیی فاشییەکانی بەغدا, بە تایبەت بزووتنەوەی بەرهەم هێنانی فلیمی سینەمایی لە رِۆژهەڵاتی کوردستان زۆر قۆناغی باشی برِیوە, بۆ ئەوەی ئەم چیرۆکە زیندووە نەمرێت پێویستە هانا بۆ چیرۆکە کپکراوەکانی دەروونی مام قادر ببردرێت, هیوادارم هونەرمەندانی بواری سینەما بەم ئەرکەی خۆیان هەڵبستن.
کارێکی دیکە کە پێویستە بکرێت ژیان بۆ مام قادر بدۆزرێتەوە, لە دۆزینەوەو داواکردنی ئاشکراکردنی چارەنووسی ژیان کێشەی مرۆیی برینداراانی شاری سەردەشت بە بیرورِای گشتی و جیهانی بناسێنرێت .